www.kurdistannet.org
10-2-2003 22:24

# لەنێوان كۆچ وڕاسیزمدا!

**كەیهان عەزیز**
kayhanaziz@maktoob.com

ئەو ئاڵو گۆڕە سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووریەی كە نەمانی جەنگی سارد هێنایە ئاراوە، ئەوروپا و تەواوی گۆشەو كەنارەی جیهانی گرتۆتەوە. گومانی تێدا نیە جیاوازی ئاستی پێشكەوتنی ئابووری و تەكنۆلۆژی و ڕۆشنبیری و. . . . وكاریگەری ئەم پێشكەوتنە بۆ سەر ئاستی ئاگاهی كۆمەڵایەتی وای كردووە كە كێشەو گرفتەكانی ڕۆژئاوا زۆر جیاوازتر بن لەچاو وولاّتانی جیهانی سێهەمدا. بەم پێیەش پاش نەمانی جەنگی سارد و سەركەوتنی سیستەمی بازاڕی ئازاد، مۆدێلی گلۆبالیزم بۆ بەڕێوەبردنی جیهان كرایە پلاتفۆرم. گلۆبالیزم كە بە توندی بەندە بە لیبرالیزیاسۆنەوە بۆ مەترەح بوون و پەلكێشانی لە جیهاندا بە جدی لە بیری پراكت كردن و داڕشتنەوەی جیهانە لەسەر بنەماكانی. هەر نەمانی سیستەمی دوو جەمسەری و جەنگی ساردیش كردیە نوشوست و بەرەو پەراوێز چوونی ئەحزابە چەپەكانی ڕۆژئاوا بە هۆڵەندیشەوە. لەفەزایەكی وادا كە بازاڕی ئازاد و سیستەمەكەی لە هەر كاتیّ زیاتر هەست بە تاك جەمسەری و سەركەوتن و بیّ ڕقیبی دەكات، لەم كاتەدا زۆر بەئاسانی سایەی گلۆبالیزم سەرتاپای جیهان بگرێتەوە! ئالەم كاتەدایە كە ئەحزابە چەپەكانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بەرەو پەراوێز دەچن و لەزوربەی وولاّتانی ڕۆژئاوادا ڕاستەكان و لە هەندێكیشیان ڕاستی توندڕەو بەشداری لە دەسەلاّتدا دەكەن.

بیّ گومان داكشانی چەپ لە ئەوروپا مانای تایبەتی خۆی هەیە كە دەكاتە هاتنە سەركاری ڕاست، پلاتفۆرمی ڕاستیش بۆ بەڕێوەبردنی كۆمەڵگا زۆر ئاشكرایە، دیارە سەرەتا كەم كردنەوەی بیمە كۆمەڵایەتیەكان بەرەو نەمان و لابردنی ئەو بیمانە دەبیّ، هەروەها مانای مەترەح كردنی چەند خاڵێكی وەكو ئاسایش و بێگاری و كۆچ وەك بەرنامەو پلاتفۆرمێك بۆ ختوكەدانی دەنگدەران لە لایەك، نیشان دانی ئەم سیّ خاڵە وەك هۆكارێك بۆ تەواوی ئەو گیروگرفتە ئابووری و كۆمەڵایەتی و سیاسیانەی كە لە غەرب و هۆڵەندا هەن. ڕاستە كێشەی بێكاری چەند ساڵە وەك گرفتێك لە كۆمەڵگای ئەوروپادا بە شێوەیەك لە شێوەكان بوونی هەیە، وەلیّ ناكرێت ئەم كێشەیە بە تەنهایی بە فاكتەری كۆچهێنەران و پەنابەرانەوە ببەستینەوە و هەروەك ناكرێت ئەوان بكەینە هۆكاری نائەمنیەتی لە ئەوروپادا. كاتێك لە جەنكی دووەمی جیهاندا كۆمەڵێك هۆڵەندی پەنایان دەبرد بۆ چەند وولاّتێك لە توریستیانەوە نەبوو!!.

هۆكارەكەی ئاشكرایە كە نازیزمی هیتلەری و جەنگ و كاولكاریەكانی كردیە پەنابردن و كۆچ كردنیان نەك فاكتەری ئابووری! ئێستاش ئەحزابە توندە ڕاستەكانی ئەوروپا دەیانەوێت بە هەمان فاكتەرو كەرەسەی كە هیتلەری پیّ هاتە سەر دەسەلاّت بێنەوە مەیدان و دەسەلاّت بگرنە دەست. هەموانیش دوێنێی دەسەلاّتی هیتلەرمان لەبەر چاوە كە تەواوی كێشە ئابووری و كۆمەڵایەتیەكانی ئاڵمانی ئەو كاتەی لە جوولەكەكاندا بەرجەستە كرد و ئەوانی بە بەرپرسیار زانی! تا زەمینەی جەنگ و پاشان ئەو تراژیدیا مەزنەی كە بەسەر جوولەكە هات زۆر بە ئاسانی فەراهەم بكات. گەر نا ئابووری ئاڵمانی بەر لە جەنگ بەراورد ناكرێت بەو كارەساتە ماددی و گیانی یەی كە بەسەر ئەوروپا و ئاڵماندا هات. لێرەوەیە قەیرانی دیموكراسەیت لەوەدایە، كە سندوقی دنگدان ئاوەڵایەو چەند پارتێكی ڕاستی توند ڕەویش نەك تەنها ئەمڕۆ بگرە چەندین ساڵە لەڕێگای یاریكردن بە چەند خاڵێكی گرنگی وەك كۆچ و ئەمنیەت و بێكاری، ئەم سیّ خاڵە وەك پردێكی خێرا بۆ گەیشتن بە دەسەلاّت بەكار دێنن. كە لە ڕاستیدا سەرەنجام دەنگدەران خۆیشیان دەبنە قوربانی ئەو هەڵبژاردنە!، چونكە دەسەلاّتی تازەو توندڕەوی ڕاست، لە ڕێگای ئەم خاڵانەو ڕووبەڕوویی بیرۆكراسی، دەست دەكات بە كۆمەڵێك هەنگاو كە ڕێك بە پێچەوانەی خواستی دەنگدەرانەوە دە بیّ !.

## كێشەی كۆچ و پەنابەران:

لە سەرەتای دروست بوونی مرۆڤایەتیەوە كۆچ و پەنابەری كارێكی ئاسایی بووە و هەبووە، بەڵام شێوازی كۆچ بەشێوەیەك لە شێوەكان جیاواز بووە لە چاو ئێستای ئەمرۆماندا. گەر بڕوانینە نەخشەی جیهان پێش دۆزینەوە جوگرافیەكان و پێش جەنگی ڕۆم و بیزەنتیەكان، دوێنێی نەخشەی جوگرافیای سیاسی ئەوروپا و جیهان زۆر جیاواز بووە لە چاو ئێستادا ڕۆمە بیزەنتیەكان پایتەختیان لە كوستەنتینیە (ئەستەمبول) ی ئیمڕۆ بووە! گەر سۆڤیەت بمایە كۆمارەكانی بالتیك و ئەوانەی ئاسیاو قەفقاز لە ڕووی جوگرافیاوە بە ناوی سۆڤیەت دەمانەوە ! گەر ئەوروپیەكان كۆچیان بۆ دوو ئامریكا و ئوسترالیا و. . . نەكردایە ئێستا لەویّ كۆمەڵگاو دەوڵەت و جوگرافیایەكی دیكەمان لە جیهاندا دەبینی! كەوایە جەنگ و زۆرداری و دیكتاتۆریەت و برسێتی و بێكاری یان كێشەی ئابووری وێڕای ناوەڕۆكی مرۆڤ بۆ زانین و دۆزینەوە و بینینی ئەو شوێنانەی كە بەلایانەوە وەك گریّ كوێرەیەك بووە، كردوێتی یە گەڕان و كۆچ كردن سەرەڕای ئەو فاكتەرانەی كە لە پێشەوە ئاماژەمان پیّ كردبوون. چ فاكتەرێك كردوویەتیە بوونی ئینگلیزو فەرەنسی و ئیسپانی و پورتوگالی و هۆڵەندیەكان لە ئەندەنوسیاوئەمەریكای باكورو باشور و ئوسترالیاوئافریكا؟ ئێستاش كە ڕەوەندی ئەم بوونە گۆڕانێكی زۆری بەسەردا هاتووە، كۆچ و پەنابەری بۆ وولاّتانی ڕۆژئاوا و خاوەن تەكنۆلۆژیاو سیستەمی ڕەفاە، لە ئەنجامی جەنگ و دیكتاتۆریەت و برسێتی ئەنجام دەدرێت. دەبیّ هەڵوێستی جیهانی متمدن یان ڕۆژئاوا دەبیّ چی و چۆن

بیٚ؟! ئایا به داخستنی سنوورەکان و دیپۆرت کردنەوە چارەسەری ئەم کێشەیە و کێشە ناوخۆییەکانی ئەورووپا دەکرێت ! ئایا هەر نائەمنیەتێك لە جاران و لە ئێستادا ئەو جەنگی ڕەقابەت و کێشانەی کە لە نێوان خودی ئەورووپیەکان دا بووە زیاتر لە کۆچ و پەنابەران نەیکردۆتە نائەمنیەت! ئایا لە دوو جەنگی دواییینی جیهاندا کێشەی کۆچ و پەنابەرانی جیهانی سێ لە ئاستی سفردا نەبوون لەچاو ئیمڕۆدا؟! کەوایە کێشەی کۆچ و ئەمنیەت خاڵێکی زیاتر جیهانیە نەك تەنها ئەورووپایی.

Uden
8-02-2003

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسێتێکدا دەنووسرێت.......... 2003-1-15

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت